# بەشێك لە قەسیدەی "كۆمەڵێك شەهید لێرەوە تێپەڕین"

**بۆبەختیار جیهاد** وشەهیدانی 7/16

**سۆران مامە حەمە**

ئێمە لە ڕەشنووسی ئەم گریانە تێناگەین

تاقیكردنەوەی چی بۆ باخچەكانی ئومێد ئەنجام بدەین

لێرەوە تێپەڕین، كۆمەڵێك شەهید...

لێرەوە..

لێرەوە لە دایكبوو غوربەت

لێرەوە سەری خۆی هەڵگرت نائومێدی

لێرەوە گەشەی كرد شەهادەت

لێرەوە كۆتایی هات بیرەوەری

لەوێوە دێتەوە ڕابردوو

لەوێوە زەمەن بەماق پەڕیوی بەدەستی چەپی

ئارەقی مێژوو پاكدەكاتەوە و..

بەدەستەكەی دیكەی پروشەی هۆن هۆن گریانی خۆر دەسڕێت

زەمەن لەم سەفەرەدا هەر لە چاوەڕوانی دەچێت...

"چ كارەساتێكە ئازیزم"!!

كراسی بێ "كووژەكە"ی دڵم، وەك "گوڵەبەڕۆژە" بەزەردەی خۆرتان دەگەشێتەوە..

شەقامەكان جمەیان دێت لە پێڵووی شەهید

شەقامەكان قەرەباڵغی قامەتی شەهیدن..

شەهیدێك كراسە "ئوتو"كراوەكەی پێیە و پێم دەڵێت: خاڵۆ كیلۆیەك لەئافاتی چارەنووسی جوانم بۆبكێشە،

لەخۆشەكەی.. ئێوارە میوانمان دێت

شەهیدێك، وەك ئەوەی كاتی قسەكردنی نەمابێت

هەر بەسەر هێمای سلاوكردنم بۆدەكات

منداڵێكی دیكەی شەهید ، "لەعابە"كانی لەباوەشدا و تورە لەخودا

جەلادەكانیش لەكافتریای ئەوبەری شەقامەكەوە نیسكافەیەك فڕ دەكەن

شەهیدەكان سەركۆنەمان دەكەن

منداڵیی شەهیدو

گەنجێتی شەهید و

كامڵبوون شەهید و

پیری شەهید

نیگای ئێوارانی شاریش دەڵێی لەبندینی چەمی خوێنیندا زیندانی ئەوینە

ئەم تەرمە تەمە خەتم کراوە، ببەنەوە بۆ نیشتیمان

نیشتیمان لەوێ دانیشتووە

لەسەر بەرزاییەکانی پشت دێ

نزیك تولە ڕێکە

چاوەڕوانی گەڕیدەیەکە تەفسیر جەنگی بۆبکات

هاوڕێم،، هەرچی توایەوە ئەوین بوو..

ئەوینی ژیان دەمان مرێنێت

ئەوینی شار دەمانباتەوە بۆ تەنزیماتکردنی شەقامەکان و

شاردنەوەی نهێنییەکانی کۆڵان بەمەرگەوە

ئەوە ئێمەین دڵمان دەمرێت

ئەوە ویژدانی ئێمەیە بارگاوی نەکراوەتەوە بەئاسوودەگی

ئەتکردنی حوزنێك شۆڕش تووشی حەیز دەکاتەوە

شەهیدەکان کۆمەڵێك بوون...

بەجلی ڕەنگاو ڕەنگەوە،

بەنهێنی ترش وشیرینەوە

بەشەڕی ناسکی نێو پاسێکی خەت خەتی شینەوە

بەدڵداری و چەند دەسکێك سەوزەی زەردەوە بووەوە

بەباقەیەك نووسینی ئاوییەوە

شەهیدەکان.. لێرەوە تێپەڕین

لەم لایەوە، بەدەستی ڕاستدا دوو کۆڵان بەرەو خەفەت سەرکەوتن و

بەرەو باخچەی ماڵئاویی ڕۆیشتن...

لەوێوە سەفینەیەکی زەردیانگرت و گشتیان بەچەڵپەڵە لێدان و

بەخۆشییەکی پەمەییەوە تێپەڕین

"چ کارەساتێکە ئەزیزم"!!

کێ ئەم هیلاکەتە لەسەرم دەردەکات ویژدانمی خەڵات دەکەم

بلوێری تووڕەیی ئەم شەهیدانە

ئالوودەی کردین

کەچی پاسوەردی گوێمان لەبیرچووەتەوە

شەهیدەکان هیچیان ناوێت

جگە لەعەشقی گەڕانەوە

سەرم پڕ بووە لەڕۆیشتن

ڕۆیشتن، شۆڕشێکە مەعسوومیەتمان پێدەبەخشێت

زاکیرەی شەهید پڕە لە کامەرانی..

پڕترە لەبەختەوەریی

"لیپاولیپ"ە لەدۆڕانەکانی منداڵی شار بە ئێستای بەدبەختی

بەدبەختی ئەوان ئەوەیە

لەحیکمەتی فڕینیان تێناگەین

شەهیدەکان فێریان کردم، کەلەخودا دڵنیا نەبم

چونکە هەر ڕۆژێك بێت دەمکوژێ و

ترسی، لەرزین دەخاتە گیانمەوەو

موالیدی پەپوولەکان بۆ سەربازی دەخوێندرێتەوە:

ئەوەی تازە چاو بەژیان هەڵدەهێنێت، لەجێگەی مەمکە مژە گوللە هاوەنێکی بدەن بەدەستەوە

ئەوانەی تەمەنیان گەیشۆتە چوارساڵ، لەباخچەکانی ساوایاندا

گۆرانی"من دڕندەم.. من دڕندەم، کەس لەدڕندە نابێت گەورە تربێت"یان بۆبلێن..

دەبێت منداڵەکانی ئێمە فێری گەورەیی ببن

ئێمە بەگەورەیی لەدایك دەبین وبەمنداڵی سەردەنێینەوە

ئەوانەیشی تەمەنیان دەگاتە شەش ساڵ،

لەسەر چۆنێتی کوشتنی براکانیان پرۆڤەیان پێبکرێت

ئەوانەی قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەن،

دەبێت بەدروستکردنی چەکی ئەتۆم گەیشتبن

کەلەم تەمەنە گەورەتر بوون،

ئیدی بەرەڵایان بکەن، خۆیان فێری ژیان دەبن و حەز بەخۆشەویستی دەکەن!!

ئیدی مرۆڤیان خۆشدەوێت..!!

2007/8/6 - کەرکوك